# خامنەیی و ساڵی یەکێتی میللی و یەکرێزیی ئیسلامی

بە بۆنەی ساڵی نوێ ١٣٨٦ئاخوند خامنەیی ڕێبەری رژیمی ئاخوندی ئیران، چووە شاری مەشهەدو لەوێ قسەی کرد کە وەك هەمیشە قسەکانی دەرخەری سیاسەتی دواکەوتوانە و هەڵوێستە دژمنانەکەی دەسەڵاتداری ئاخوندی لە بەرانبەر خەڵکی ئیران دابوو.

کەم کەس هەیە نەزانێ کە ئاخوندان و دەسەڵاتی ملهورانەیان، چەندەیان ستەم و بێ عەدالەتی لە ماوەی ٢٨ساڵ دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکی ئێران ، سەپاندوە و پەیرەو کردوە. کوشتنی خەڵکی بێ تاوان زیندانی کردن و شکەنجەدانی لاوانی شۆرشگێرو کەسایەتیەکان، ئیعدامی بەکۆمەڵی زیندانیەکان سەرکوتی بیرو بۆچوون و مەزهەب و ئاینەکان، چەوساندنەوەی نەتەوە جیاجیاکان. سەرکوتی ئافرەتان و ناوەند و داامەزراوە مەدەنیەکان وهتد.... لە کارنامەی دەسەڵاتداری ئاخوندیدا بەروونی دەبیندرێ. رژیمی ئاخوندی کە سەرتاپای دەسەڵاتەکەی و مێژووی ٢٨ساڵ تەمەنی چەوسانەوەی چین و توێژەکانی خەڵکی ئیرانەو چۆن دەتوانێ ئیدعای یەکێتی نەتەوەی و یەکریزی و هاوکاری ئیسلامی بکا. کاتێك هەرکام لەگەلانی ئێران بەدەست ئەو دەسەڵاتداریەوە دەچەوسێنەوە و سەرەتایترین مافەکانیان پێ شێل کراوە، چۆن خامنەیی لەرووی دێ باس لە یەکێتی نەتەوەیی و یەکریزی ئیسلامی بکا. ٢٧ساڵە گەلی کورد لە ئیران بە توندترین و دڕندانەترین شێوە لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم و بەفەرمانی دەسەڵاتداران دەچەوسێنەوە. هیچ کوردێك تەنانەت ئەوانەی خۆفرۆشی دەکەن و بوونە نۆکەری رژیم، بەرپرسایەتی و کاری کلیلی و سەرەکیان پێ نادرێ و بەچاوی سووك سەیریان دەکرێ. خامنەیی کاتیك باسی یەکیتی نەتەوەیی دەکا، کە هاونیشتمانانی کوردو ئازادیخوازان لە بلوچستان و خوزستان و ئازەریەکان دەچەوسێنەوە و مافە فەرهەنگیەکان و مەزهەبی و شوێنە سوونەتیەکان لەلایەن ئاخوندانەوە بەبەرنامە پێ شێل دەکرێ. لەگەڵ سەرکوت و چەوسانەوەی نەتەوە جیاجیاکانی ئیرانی و پێ شێل کرانی مافەکانیان بیروبۆچونە مەزهەبی و ئاینەکانیان پێ شێل دەکرێ. هاونیشتمانانی سونی مەزهەب لەسەرانسەری ئیران لەژێر فشاری دەسەڵاتداران و سەرکۆنە دەکرێن، زیاتر لە دوملیون سونی مەزهەب لە شاری تاراندان، بەڵام ڕێگەیان نیە مزگەوتێکی تایبەت بەخۆیان هەبێ. هیچ پێشەوایێکی ئایینی سوننی مەزهەب و هیچ کەسێکی سوننی مافی ئەوەی نیە لە پلەی سەرەوەی دەسەڵاتدا بێ. هەر بەدەستووری ئاخوندان و بەشێوەی بەرنامە بۆ دارێژراو چەندین مامۆستای ئایینی سەننی لەلایەن دەستگا ئەمنیەتی و ئیتلاعاتیەکانی رژیمەوە شەهید کران، مامۆستا مەلا محمد ربیعی، پێش نوێژ و ئیمامی جومعەی سونیەکان لە کرماشان و یەکیك لەو شەهیدە دیارانەی سوننی مەزهەبەکان کە لە دوای شەهیدکردنی، تەزاهورات و نارەزایەتی خەڵکی لێ کەوتەوە. دەبێ خامنەیی مەبەستی لەیەکێتی نەتەوەیی، مل کەچ بوونی هەموو نەتەوەو، مەزهەب و بۆچوونەکان بۆ بەرنامەی دواکەوتوانە و دیکتاتۆری دەسەڵاتداری ئاخوندی بێ و دەبێ هەموو بە خامنەیی بڵێن وەلی فەقیهەو ڕێبەری لێوەشاوە، جا ئەو کاتە ئەو یەکێتی و یەکریزیە پێك دێ. نەك ئەوەی مەزهەب و دینەکان و نەتەوەکان بڵێن ئیمەش مافمان هەیە. بەکورتی بە بێ دەنگی مل کەچ بوون بۆ خواستەکانی ئاخوندان ئەو یەکێتیەی خامنەیی باسی لێ دەکا دێتە دی، دەنا ئەوە روونە کە رژیم گۆرانی بەسەردا نایە و کە مافی نەتەوە و مەزهەبەکان لە بەرچاوناگرێ.

# واتسلاماڵی تێکۆشەری وەڵاتی چیکی لە دەورانی کومونیستیدا، باس لە وەزعیەتی مافی مرۆڤ لە ئێران دەکا

واتسلاماڵی رەخنەی لە رژیمی ئێران گرت کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکا و بە شێوەیێکی بەردەوام خەڵکەکەی سەرکوت دەکا. ماڵی کە لە مانگی سپتامبر سەردانی ئێرانی کردبوو، لەگەڵ نوێنەرانی مەسیحی و هەروەها هەڵسووراوانی مافی مرۆڤ و بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی چاوپێکەوتنی کردووە. واتسلاماڵی، لە ڕابردوودا بۆ خۆی قوربانی سەرکوتی دەوڵەتێ بووە و لە دەورانی رژیمی کومونیستی چکسلۆاکی پێشوو چەند مانگ لە زینداندا بووە و لەگەڵ بەربەست و ئازار و شکەنجەی زۆر بەرەو روو بۆتەوە. ماڵی کە نەخشێکی بەرچاوی لە شۆرشی مەخمەڵی وەڵاتی چیك دا گێڕا، چەندین ساڵە بۆتە لێپرساوی ئیسقفی شاری پڕاگ، وە ئێستا سەفەر دەکاتە وەڵاتان، خەڵکانە پشتیوانی دەکات کە کێشەی وەك کێشەی کۆنی ناوبراویان بووە. ماڵی لە ساڵەکانی ڕابردوودا چۆتە وەڵاتانی کوبا و بلاروس و چچن و لە رادەی پێشێلکاری مافی مرۆڤ کە لەو وەڵاتانە دەکرێ ڕای گشتی جیهانی ئاگادار کردۆتەوە. سەفەری سپتامبری ماڵی بۆ ئێران، بۆ راکێشانی سەرنجی رای گشتی لە مەڕ پێخوست کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بوو. ماڵی لە سەفەری بۆ ئێران، چۆتە شارەکانی ئیسفەهان و شیراز. ماڵی دەڵێ هێزەکانی ئیتلاعاتی رژیمی ئێران ژێر چاودێری چڕ و پڕ و بەربەستیان بۆ درووست کردوە و ویستویانە راستیەکانی لێ چەواشە بکەن. ناو براو بە رادیوی ئوروپای ئازادی گوت: کە کاتی چاو پێکەوتنی خۆی لەگەڵ هەڵسوراوانی مافی مرۆڤ، خانەوادەی زیندانیانی سیاسی و باقی ماف پێشێل کراوانی جامیعەی ئێران کردوە تێگەیشتووە کە ئازادی لە ئێران نیە و فەزای سیاسی و ئازادی لەو وەڵاتە لە ئارادا نیە. واتسلاماڵی دەڵێ: بە منیان گوت: کە رژیم سەرکوتگەر بووە و رۆژ لە دوای رۆژ خراپتر دەبێ. هەر جۆرە کۆبوونەوەیێك و تەزاهوراتێك کە بە مەبەستی داوای ئاساییە سەرکوت دەکا و بەشداربوانی تەزاهورت و نارەزایەتی دەگرێ و حوکمی درێژ ماوەیان بە سەردا دەسەپێنێ و لە جۆرەها شکەنجە لە دژی نارازیانی کەڵك وەردەگرێ. وەزعی زیندانیانی سیاسی خراپە و لەگەڵ سووکایەتی بەرەو روون و بە بێ دادگایی کردنی عادیلانە لە سێدارە دەدرێن. ماڵی دەڵێ خەڵك، بە منیان گوت: کە بارووددۆخێکی خراپیان هەیە، بێهداشت و دەرمان کەمە. ئازار و شکەنجەی زۆری ڕەوانیمان لە سەرە. ناوبراو لە ماوەی مانەوەیدا لە ئێران، وەزعیەتی مەسیحیانیشی پرسیوە و دەڵێ: زۆرێك لە مەسیحیەکانی ئێران لەبەر بەربەستی مەزهەبی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، ئێرانیان بە پێ هێشتوە. بە قسەی ناوبراو، ئەو مەسیحیانەی لە ئێران دەردەکەن فشاریان دەخەنە سەر بۆ ئەوەی ببنە ئیسلام و لە دینی خۆیان پەشیمان ببنەوە و هەر لە بەر مەسیحی بوونیان دەکەونە بەر ئازار و شکەنجە و وەکوو هاووەڵاتیانی پلە ٢ حسابیان بۆ دەکەن. ماڵی ئەڵێ لەوانەیە مەسیحیەکان بە تێکڕا ئێران جێ بهێڵن و لەوە زیاتر تەحەموولی وەها بارو دۆخێك نەکەن. ماڵی دەڵێ: مەسیحیەکان بەر لە هاتنی ئیسلام، دانیشتووی ئێران بوون و مێژووی هێندێك لە کلیساکانی ئێران دەگەرێتەوە بۆ دەورانی سەرەتایی مەسیحیەت. ماڵی لە کۆتایی دا دەڵێ: لە کاتی ئەو سەفەرەی بۆ ئێران لەگەڵ ژمارەیێکی بەربڵاوی خەڵك قسەی کردووە و خەڵك زۆر لە دەسەڵاتی مەلاکان نارازین و ئەوەی کە رژیم بە جیهانی دەرەوەی نیشان ئەدا، پێچەوانە فیکر و بۆچوونی خەڵکە. خەڵکی ئێران ئازادیخواز و خوازیاری پێکەوە ژیان و فەزای دیموکراسین و دوورن لە هەر جۆرە توندرەوییێك و دەبێ لە نێوان دەسەڵات و خەڵك جیاوازی دابنرێ.

# بودجەی ١٣٨٦و گاڵتەجاریەکانی رژیم بە خەڵکی ئیران




لە دوای باس و دەم بە دەمەییێکی زۆر مەجلیسی رژیمی ئاخوندی لایحەی بودجەی ساڵی ١٣٨٦ی لە کۆتای مانگی رەشەمەدا پەسەند کرد. بۆئەوەی تیشکمان خستبێتە سەر گرانی ساڵی ١٣٨٦دا ئیشارە بە چەندشت دەکەین: رادوێ ی رژیم گوتی: بودجەی ئەمساڵ واتە ١٣٨٦ بەهەموو بەشەکانیەوە زیاتر ٢٣١٣٣٦ملیارد و ٥٥٩ملیون تومانە کە بەبەرانبەرکردنی لەگەڵ لایحەی پێشنیار کراوی دەوڵت، کەمتر ١لەسەد زیادی کردوە. ئەندامانی مەجلیسی رژیم لە کاتی تێك گیرانی جەناحیدا، لایحەی بودجەی ساڵی ١٣٨٦یان خستە ژێر پرسیار . رادیوی رژیم گوتی: مەجلیس سێهەمین رۆژی کاری بۆ لێکۆلینەوە لەلایحەی بودجەی ئەمسال لە کاتێکدا دەست پیکردکە نزیك بە ١٠٠نوینەر لە کۆبوونەوەی مەجلیس و هەروەها دەنگ نەدانی ژمارەیەك لە ئەندامانی مجلیس بۆتە هۆی ئەوە کە مەجلیس چەند جار لە حەدی نیساب بکەوێ، ئەوە لە حالێکدایە کە مونشیی کۆبوونەوە چەندین جار داوای لە نوینەران کرد بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکە بگاتە زۆرینە ئامادەبن و کۆبوونەوەکە بەجێ نەهێڵن. هەواڵدەری فارس لەو بارەوە نووسیویەتی لە لیکۆلینەوە لە لایحەی بودجەی ساڵی ١٣٨٦ ، ژمارەیێك لە نوێنەران داوایان ، گەرانەوە بۆ لایحەی دەوڵەت بوو کە لەگەڵ موخالیفەتی سەرۆکی مەجلیس، ژمارەیەك لە نوێنەرانی پێشنیاردەر نیازی هەڵوەشانەوەی مەجلیسیان بووە و بە ناوبژی ژمارەییێکی دیکە لە نوێنەران پەشیمان بوونەوە. ژمارەسازی لایحەی بودجەی ساڵی١٣٨٦کە لە مەجلیسی رژیم لیکۆلینەوەی لێ دەکرا، بەرادەیەك گاڵتەجاربوو کە دەنگی هاوبۆچوونەکانی ئەحمەدی نژادیشی وەدەنگ هێنا. داریوشی قەنبەری ئەندامی کۆمسیونی ئەمنیەتی مەجلیسی رژیم گوتی:من خەجالەتی دەکێشم کە بلێم مستەوفیان و ماکیلانی کاتی قاجار زیاتر داهات و خەرجیان حیساب دەکرد. دەوڵەت زانستی کار ناسی نیەو و دەیهەوێ بەحیساباتی غەیرە دەقیق بارهێنانی پاشکۆ و بەهەدەردانی کاتی مەجلیس بخولقێنێ. ناوبراو ئاشکرای کرد بەشی ئیعتباراتی ئاوەدان کردنەوەی پارێزگاکانی بێ بەش لەلایحەی بوودجەی ساڵی١٣٨٦کەمتر لە ساڵی ١٣٨٥ە. طلایی نیك،ئەندامی دیکەی کومسیونی ئەمنیەتی مەجلیسی رژیم،گوتی: لایحەی بودجەی ساڵی ١٣٨٦لەگەڵ سیاسەتەکانی ئوسوڵی یەك نیە و بودجەیەکی غەیرئوسلیە و لەگەڵ سیاسەتەکان و بەڵگەکانی نەتەوەیی دژبەیەکن. حشمت اللە فلاحت کە ئەندامی ئەوکومسیونەیە، گوتی: زیاتر لە ٢٠٠٠شیرکەتی دەوڵەتی هەنە،کە تەنیا ناوی٧٠٠شیرکەت لەو بودجەدا دەبیندرێ.نەوعێك لە سەرپێچیەکان کە لەسەر لایحەی بودجەی ٨٦دا دەبیندرێ، دەرخەری کێشەی جیدی رژیمە. پۆلی گازی مەسرەفی ناوخۆ و پارەی نەوتی کە لە ناوخۆ دەفرۆشێ، چارەنووسی نادیارە. عادل ئازەر ئەندامی مەجلیس لە دێهلوران، گوتی: باسی هەڵاوسان، کارێکی دیکەی بودجەیەکە ئەبێ لە کۆتای بەرنامەی چوارەم، هەڵاوسان بکرێتە یەك ژمارە،بەڵام وەهاشتێك ڕوونادات. بۆ ئیران جوان نیە کەلە بارەی هەڵاوسانەوە لە ریزی وەڵاتانی وەکو ئانگۆلا و عیراق دابنرێ. ئابوری ئیستای ئیران لە هەموو کاتیك دارماوترە. لەو پێوەندیەدا جفری کب، تایبەت بە کاروباری رۆژهەڵات لە ناوەندی نیکسۆن لە ئەمریکا، لە کۆنفرانسێك لە زانستگای جورج واشنیگتۆن گوتی: کە ئابوری ئیران لەگەڵ دارمانێکی بەرچاو بەرەو ڕوە ،نمونەش بۆ ئەوە بەستراوی ئابوری ئەو وەڵاتە بەنەوتەو کەمبونی سەرمایەدانانی دەرەوەی و لاوازی لە ژێرخانی بەشی وزەیە. جفری کب لە بارەی تێکۆشانی ناوکەی رژیمی ئیران گوتی: رژیمی ئیران بەدوای وزەی ناوکەییەوەنیە، ئەو رژیمە هەوڵی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی لە سەردایە.هەڵاوسان لە ٦ لەسەد گەیشتە ١٣/١ لە سەد ئاکامی بەدەست هاتوو لە نرخی کەل و پەل و خزمەت گەیاندنی سەرف کراو لە ناوچە شاریەکان بە پێی ساڵی ١٣٧٦=١٠٠(٣١٠دانە کاڵاو خزمەت گەیاندن) لە رێبەندانی ساڵی ١٣٨٥ راگەیندرا. بەپێی راپۆرتی هەواڵدەری رژیم (ایسنا) بانکی ناوەندی رایگەیاند کە نرخی کاڵاو خزمەتی مەسرەفی لە شارەکانی ئیران لە ریبەندانی ١٣٨٥ سەبارەت بە مانگی هاوشێوەی ساڵی رابردوو١٧/٦ لەسەد زیادی کردوە. کە لە ١١مانگی سەرەتای ساڵی ١٣٨٥ سەبارەت بە خولی هاوشێوەی ساڵی رابردو ١٣/٤ لەسەد زیادنیشان ئەدات.رادەی هەڵاوسان لە ١٢ مانگی ساڵی ١٣٨٥ لەچاو ١٢مانگی ساڵی ١٣٨٤و ١٣/١لەسەد بووە. کرێکاران و پەیمان کار زۆرن کە ٦ـ٤ مانگە موچەیان وەر نەگرتوە. ٨٠لە سەدی موچەخۆران لە ئوستانی خوزستان لە ژێر پۆششی پەیمان کاران دان کە ئەو پەیمان کارانە نزیك ٦ـ٤ مانگە موچەیان نەدراونێ. زۆربەی پەیمان کارانی خوزستانی و کوردستانی لە رێگەی پێوەندی، بە سازمامانەکان و دەستگاکان پەیمان وەردەگرن، بەڵام حەق و موچەی کرێکاران نادەن و بەهەموو جۆرێك کەڵکی نابەجێیان لێ وەردەگرن. لە کوردستان کە کرێکاران لەوپەری داماوی دان و کارخانەو کار زۆر کەمەبە پێی ئەو بودجەی رژیم کە بۆ ئەم ساڵ دیاری کراوە و رادەی چوونەسەری هەڵاوسانی ١٣/١لەسەدی، باریان قورستر دەبێ و بە دەرد و ئازاری زیاتر تووش دەبن.